مەسرور بارزانی و شاندی دانوستانکاری هەرێم کۆبوونەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ شاندی دانوستانکاری حکومەتی هەرێم بۆ سەرکایەتیی وەزیری دارایی و ئابووری کۆبوونەوە، کە هەفتەی رابردوو بۆ مەبەستی خستنەڕووی ژمارە و زانیاری دروست لەسەر تەورەکانی پێیوەندیدار بە دۆخی دارایی و بودجە و مووچەی هەرێم، ئامادەی کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران و وەزیری دارایی و سەرکی دیوانی چاودێری دارایی فیدڕاڵ بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ژمارەیەک لە وەزیرە پێیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم ئامادەی بوون، تیمی حکومەت کورتەیەکیان لەبارەی ئەنجامی سەردانەکەیان بۆ بەغدا خستەڕوو، ئاماژەیان بەوە دا کە ڕوونکردنەوەی تەواویان بە داتا و زانیاری وردەوە پێشکەش کردووە و لە ئەنجامدا تێگەشتنەکی ئەرێنی هاوبەش دروست بووە لە نێوان ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە، لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و جیاکردنەوەی مووچە لە پەوڕی خەرجیی ناستقینە وەک شایستەی قانونی مووچەخۆر و دوورخستنەوەی لە ململانێ سیاسییەکان، بەم ئاراستەیش لە کۆبوونەوەکەدا، میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری ئەم بابەتە خرایەڕوو.

سەرکۆزیران مەسرور بارزانی وەک دڵنیاکردن لە تیمی حکومەتی هەرێم، دووپاتی کردەوە کە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، پابەندە بە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و ڕێککەوتنەکان و ڕەزگرتن لە قەوارەی فیدرالی هەرێم. گوتیشی دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم، کاری لەپێشینەی ئینجومەنی وەزیرانە و لەم پێناوەشدا، حکومەتی هەرێم، بەردەوام دەبێت لە بەجێگەیاندنی ئەرک وپابەندییە دەستوورییەکانی خۆی، لە بەرانبەریشدا چاوەڕوانیمان لە حکومەتی فیدراڵە کە شایستەی دارایییەکانی هەرێم لەپێش هەموشیانەوە تەرخانکراوی مووچە وەک لە خشتەکانی بودجەی عێراقدا هاتووە بە هەرێم خەرج بکات، هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیمی دانوستانکاری ڕاسپارد، لە نزیکترین دەرفەتدا و لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامی کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنەکان لە لیژنەی دارایی ئینجوومەنی نوێنەران، لە پەیوەندی بەردەوام بن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، تا گەیشتن بە چارەسەرکی هاوسەنگ و گونجاو.